نرخی زێڕ لە بازاڕەکانی جیهان بەرزبووەوە

نرخی نەوت لە بازاڕەکاندا رووبەڕووی دابەزینی گەورە بووەوە و بەرەژێی 3% دابەزی، نرخی زێڕیش بەرزبووەوە و هەر ئۆنسێکی بە 2036 دۆلار مامەڵەی پێوەکرا.

دوێنێ هەینی 23ـی شوباتی 2024، لێکاتی داخستنی بازاڕەکاندا نرخی نەوتی برێنتی دەریای باکوور 2 دۆلار و 5 سێنت دابەزی و یەك بەرمیل بە 81 دۆلار و 62 سێنت مامەڵەی پێوەکرا، نرخی نەوتی سووکی تێکساسی ئەمریکاش 2 دۆلار و 12 سێنت دابەزی و بەرمیلێکی بە 76 دۆلار و 49 سێنت مامەڵەی پێوەکرا.

لەلایەکی ترەوە، نرخی زێڕ لە کاتی داخستنی بازاڕەکانی جیهان بەرزبووەوە و هەر ئۆنسێکی بە 2036 دۆلار مامەڵەی پێوەکرا.